## زەبروزەنگی داگیرکارانی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سوریا بەتووندی لەسەر گەلی کورد مەحکومە!

گەلی کوردستان لە لایەن داگیرکارانیەوە هەمیشە لەژێر زەخت و زۆرێکی دەڕندانەدایە، یەکەم جار نیە کە خەباتکارانی نەتەوەیەکی داگیرکراو لە ئەوینی تارانەوە تا ئیمرالّی تورکیا و تا دەگاتە عەدرای دیمەشق لەژێر ئازار و ئەشکنجە و لێداندا، پەتی سێدارەیان لە مەل دەهاوێن. ئازار و ئەشکنجەی رۆڵەکانی گەلی کورد لە گرتووخانەکانی داگیرکاراندا بە ئێمە دەڵێت کە ئەم گەلە هاوچارەنووسە، لە ئیلام و کرماشان، دیاربکر و ماردین، قامشلۆ و کۆبانێ هاوخەباتن.

مانگرتنی کوردەکانی گرتووخانەی عەدرای دیمەشق کە لە ٣٠ی نوڤامبەرەوە دەستی پێکردووە تا ئیستا هەر بەردەوامە، بە پێی سەرچاوەیەک کە لە نزیکەوە چاودێری رەوشەکە دەکات، دەڵێت: کە ئێستا گرتووخانەی عەدرای دیمەشق بە رێوشووێنی ئەمنی و ئیستخباراتی بە شێوەیەکی توند کۆنترۆل کراوە و رێگای دزەکردنی زانیاری بۆ دەرەوی گرتووخانەکە ئاستەمە، بۆیە تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە کە رەوشی زیندانیە سیاسیەکان چۆنە و هەروەها لە ئیدامەدا دەڵێت داوکاری مانگرتووان تەنیا باشکردنی رەوشیان نییە لە نێو گرتووخانەکە، بەڵکو کۆمەلێك داواکاری تریان هەیە، وەکو هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی عورفی و هەروەها هەڵوەشاندنی بڕیارەکانی دادگای ئەمنی باڵای دەوڵەتی لەسەریان کە دادگایەکی تایبەتە و پشت بە یاسای سوریا نابەستێت".

گرتووخانەکانی تورکیایش هەر بەو شێوە لەگەڵ کوردەکاندا هەڵسوکەوت دەکات، بەتایبەتی زیندانی ئیمراڵی شوینی سەرۆکی پ.ک.ک بەڕێز عبدوڵا ئۆجەلان لەژێر ئازار و ئەشکنجەیەکی رۆحی قورسدایە، لە کاتێکدا کە لە رێگەی پارێزەرەکانیەوە لەژێر سەرنج و چاوەدێری رێکخراوەکانی مافی مرۆف و مێدیاکاندایە، جا با بیر لەو کەسانە بکەینەوە کە سەرنج و چاودێریەکیان لەسەر نییە.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەروەتر، بە شێوەیەکی دەرندانە و قرونوەستایی لەگەڵ گیراوانی کورد هەڵسوکەوت دەکات، و هەرکات پێیانخۆش بێت، جیاوازی لە نێوان حۆکمدراو و حوکمنەدروادا ناکەن، پەتی سێدارە بۆ هەر زیندانیەکی خەباتکار لای ئەوان هەمیشە هەڵخراوە.


info@psdkurdistan.org

ئەمرۆ لە سەدەی بیستوویەکدا گەلی کورد هێشتا لەپێناو سەربەستی خۆیدا قوربانی دەدات، شانازی و سەربەرزیی ئەم گەلە خەباتی نەپساوەیەتی لەپێناو رزگاریدا. گرتووخانەی ئیمرالّی و ئەوینی تاران و عەدرای دیمەشق قەفسی شێرەکەچان و کورانی گەلێکی ژێردەستە ن، کە تاگەیشتن بەئامانجەکان خەباتیان درێژەی دەبێت.

هەموو ئێمە دەزانین کە دوژمنانی ئێمەی کورد لەپێناو پاکتاوکردن و بنەبڕکردنی ئەم گەلەدا هاوپەیمانیەکی ئیستراتژیکیان هەیە، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو ئێمەیشە کە لێبراوانە هاوپەشت و هاورێی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەمان بین. دەستی هاوکاریی و هاودەنگیی دژی داگیرکاران، لە نێوان خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرەوە و ناوەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەییە. وەرن پێکەوە دژی ئەم هاریکاری و گەلەکۆمەی دۆژمنانمان راوەستین، وەرن پێکەوە دەنگەکان کۆبکەینەوە و بیکەین بەهێزێکی لەبن‌نەهاتوو دژی بندەستی و داگیرکاری.

لە ئاخردا ئێمە وەکوو کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان (رەوتی یەکگرتنەوە) و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەلاّت) زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا و سوریا دژی زیندانیانی کورد لە گرتووخانەکانیاندا بەتووندی محکوم دەکەین، و دەڵێین ئازار و ئەشکەنجە و بکوژیی نامانترسێنێت و رووەو ئازادی و سەرفەرازیی ڕێپێوانمان بەردەوامە.

- ئازادی زیندانیان سیاسی گەلی کورد خواستی خەڵکی کوردستانە.
- ئازادی و سەربەستی مافی مرۆفە! داگیرکار بۆ دەرەوە لە کوردستان!

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان (رەوتی یەکگرتنەوە)

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەلاّت)

٢٠٠٩/١٢/٣